Kartläggningsmaterial för nyanlända elever

# Uppgifter B Textpaket
## Litteracitet

1 Steg 2 3

KURDISKA SORANI

### Elever som läser och skriver



Skolverket



# Innehåll

**Inledning ... 3**

**Textpaket 1**

Lejonet och räven ... 5

En karta över en ö ... 7

Skorpionen ... 9

**Textpaket 2**

Skorpionen ... 12

Den giriga mannen ... 14

Potatischips ... 16

**Textpaket 3**

Skorpionen ... 19

Potatischips ... 21

Sömn ... 23

Mjölk ... 25

Världens städer ... 27

**Litteratur- och bildförteckning ... 29**

Skolverket och andra rättighetsinnehavare har upphovsrätt till materialet och delar som ingår i materialet. Materialet får inte mångfaldigas eller sparas på dator i annat syfte än för att genomföra en bedömning av nyanlända elevers kunskaper.



# Inledning

Detta häfte innehåller underlag för *Uppgifter B – Textpaket*. Uppgifterna använder du tillsammans med *Samtals- och dokumentationsunderlag B* och *Bedömningsunderlag för Uppgifter B*.

Instruktionerna för hur du genomför uppgifterna finns i *Samtals- och dokumentationsunderlag B*.

Dokumentera elevens svar på uppgifterna i bedömningsunderlagen. Var uppmärksam på att svarsrutorna för ”Ja” och ”Nej” kommer i en annan ordning på elevens svarsblad när språket har läsriktningen höger–vänster.

Varje uppgift består av två blad – en text och elevens svarsblad med läsförståelsefrågor. Information om hur du väljer uppgifter till eleven finns i lärarhandledningen (se s. 6–7). Skriv ut uppgifterna i färg och enkelsidigt så att eleven kan se texten och frågorna samtidigt.

Ge gärna tolken kopior av uppgifterna du har valt, både på svenska och på elevens språk.

## Om översättningen

Översättningen använder den standardvarietet och det språkbruk som hör hemma i östra Kurdistan (Irak och Iran), med det arabiska alfabetet. Observera att sorani använder en modifierad variant av arabisk skrift och läs- och skrivriktningen är från höger till vänster. Var därför särskilt uppmärksam när du för över elevens svar på kryssfrågorna till bedömningsunderlaget eftersom kolumnerna för ”Ja” och ”Nej” skrivs i omvänd ordning.

## Anpassning av uppgifter för elever med funktionsnedsättning

Om du läser upp eller spelar in uppgifter för elever med svår synnedsättning behöver du anpassa uppgifter som innehåller bilder eller figurer. Kontakta en speciallärare eller specialpedagog om det behövs.

### Textpaket 1

- Text 1. Lejonet och räven. Beskriv innehållet i bilden.
- Text 2. En karta över en ö. Uppgiften stryks.
- Text 3. Skorpionen. Beskriv skorpionen i bilden. (Ingår även i textpaket 2 och 3)

### Textpaket 2

- Text 3. Potatischips. Använd riktiga potatischips. (Ingår även i textpaket 3)

### Textpaket 3

- Text 3. Sömn. Figuren kan strykas. Frågorna 3 och 4 som bygger på information i figuren stryks.
- Text 5. Världens städer. Diagrammet kan strykas. Frågorna 2 och 4 som bygger på information i diagrammet stryks.

Läs mer i *Anpassning för elever med funktionsnedsättning*.

# Textpaket 1



# شێر و ڕێوی

شێر لە ئەشکەوتەکەیدا پاڵ کەوتبوو.
شەو و ڕۆژ هەر لەوێ لێی کەوتبوو.
هەر گوێت لە نەڕەیەکی کزی دەبوو.
– نەخۆشە! ئاژەڵەکانی تر دەیانوت و بەزەییان پێیدا دەهاتەوە.
ئینجا دەستیان کرد بەوەی بە دیاری بچووکەوە بچنە ناو ئەشکەوتەکەوە.

بەڵام مام ڕێوی نەچووە ژوورەوە.
شێرەکە بە دەنگێکی نەرم پرسی لێی:
– هاوڕێم، ئەی تۆ بۆ نایەیتە ژوورەوە؟ ئەوانی تر هەموویان هاتوون بۆ لام.

– ڕێوی وتی منیش ویستم بێم، بەڵام شوێنپێکانم دیت و ترسام. هەموو شوێنپێکان هاتوونەتە ناو ئەشکەوتەکەوە بەڵام هیچ شوێنپێیەک لە ئەشکەوتەکەتڕا نەهاتووەتە دەر. لەبەر ئەوە من لە دەرەوە دەمێنمەوە.





K. Aronsson & S. Ottosson, *Min läsebok.* 1993. Bearbetad. Bild: I-K. Eriksson.

# پرسیار لەسەر (شێر و ڕێوی)

وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەسەر دەقە نووسراوەکە بە (بەڵێ) یان (نەخێر) بدەرەوە.

| | | (Ja) بەڵێ | (Nej) نەخێر |
|---|---|---|---|
| 1 | ١ ئایا شێرەکە هەموو کاتەکە هەر لە ئەشکەوتەکەی خۆیدا بوو؟ | ☐ | ☐ |
| 2 | ٢ ئایا ڕێوی چووە ژوورەوە بۆ لای شێرەکە؟ | ☐ | ☐ |
| 3 | ٣ ئایا ڕێوی دیاریی بۆ شێرەکە برد؟ | ☐ | ☐ |
| 4 | ٤ ئایا شێرەکە ئاژەڵەکانی تری خواردبوو؟ | ☐ | ☐ |

وەڵامی ئەم پرسیارانە بە دەمی بدەرەوە.


5 ٥ ئایا دەتوانی خۆت بە کورتی بڵێیت دەقە نووسراوەکە دەربارەی چییە؟

6 ٦ ئایا تۆ لەو بڕوایە دایت شێرەکە نەخۆش بووبێت؟ دەتوانی بڵێیت چۆن بیردەکەیتەوە؟

7 ٧ ئایا ڕێوی لە ئاژەڵەکانی تر زیرەکتر بوو؟ دەتوانی بڵێیت چۆن بیردەکەیتەوە؟

8 ٨ ئایا بە بڕوای تۆ مرۆڤ هیچ لەم چیرۆکە فێر دەبێت؟ دەتوانی بڵێیت چۆن بیردەکەیتەوە؟

# نەخشەی دوورگەیەک






Anpassad med tillstånd från IEA. © 1990.

# پرسیار لەسەر (نەخشەی دوورگەیەک)

**ڕاستوچەپێک لە ناو ئەو خانەی ئەو وەڵامەی بە لای تۆوە تەواوە، دابنێ. تەنیا یەک دانە دابنێ.**

**1. کام لەم شوێنانە نزیکترینە لە بەندەرەکەوە؟**

A ☐ شارەکە
B ☐ گۆمەکە
C ☐ کێڵگەگە

**2. کام لەم شوێنانە دەکەوێتە باکووری شارەکە؟**

A ☐ فڕۆکەخانەکە
B ☐ دارستانەکە
C ☐ کێڵگەکە

**3. ئەگەر لە شارەکەوە بەرەو گۆمەکە بڕۆیت بەرەو چ لایەک دەڕۆیت؟**

A ☐ باکوور
B ☐ ڕۆژئاوا
C ☐ ڕۆژهەڵات

**4. وابزانە لە دوورەگەکە پیاسەیەک دەکەیت. بە پێی ئەم ڕێنوێنییانە بڕۆ.**

1. لە گوندەکەوە دەست پێ بکە.
2. بە جادەکەدا بەرەو بەندەرەکە بڕۆ.
3. لە دووڕیانی دووهەمدا بە دەستی چەپدا بڕۆ.
4. هەر بڕۆ تا ڕێگاکە کۆتایی دێت.
5. ئێستا تۆ لە کوێیت؟

A ☐ کێڵگەکە
B ☐ شارەکە
C ☐ بەندەرەکە

# دووپشک – زیندەوەرێکی جاڵجاڵۆکەیی چزوودار

هەرگیز کارێکی باش نییە لە ناوچەی گەرمدا پەنجە بکەیت بە کونەدیواری بچووکدا یان بە ناو درز و کەلێنی بەردا. هەروەها چاک وایە پێڵاوەکانت بتەکێنیت ئەگەر ماوەیەکی تۆزێ زۆر بەکارت نەهێنابن. لەوانەیە بە بەتاڵی نەمابێتنەوە. چونکە دووپشک حەزی لە ڕووناکی نییە و بەڵکوو بە ڕۆژ دەچێتە ناو کون و کەلەبەرەوە یان شوێنێکی تاریک و خۆی مات دەدات. دووپشک لە وڵاتانی گەرمدا دەژی لە هەموو جیهاندا، بەڵام بە دەگمەن دەبینرێن.

**بە نێچیرەکەیەوە دەدات و دەیکوژێت**

دووپشک لەوانەیە زۆر زەهراوی بن، هەرچەندە زۆربەی جۆرەکانی بۆ ئێمەی مرۆڤ کوشندە نین. درێژییان دەگاتە یەک تا بیست سانتیمەتر بە پێی جۆرەکانیان، بەڵام هەموویان لە کۆتایی کلکیاندا چزوویەکی زەهراوییان هەیە. کاتێک کە دووپشکێک دەیەوێت نێچیرەکەی بکوژێت کلکی دەنووشتێنێتەوە بەسەر پشتی خۆیدا و چزووەکەی دەکات بە نێچیرەکەدا کە بە چنگەکانی گرتوویەتی . دووپشکێکی ترساو خێرا دەسووڕێتەوە بە دەوری خۆیدا بۆ ئەوەی هەمیشە چزووەکەی بەرەو دوژمنەکەی ئاڕاستە بکات.

دووپشک بە شەوان ڕاوی جاڵجاڵۆکەی گەورە و جڕ و جانەوەری بچووک دەکەن. بە چنگەکوتێ ڕێی خۆیان دەدۆزنەوە و بە چنگ نێچیرەکە توند دەگرن و بە چزووە زەهراوییەکانیان دەیکوژن.



*دووپشک*



K. Åström, *Boken om världen.* 2001. Fotografi Wikimedia Commons.

# پرسیار لەسەر (دووپشک – زیندەوەرێکی جاڵجاڵۆکەیی چزوودار)

**ئەم پرسیارانە کە دەربارەی دەقەکەیە بە (بەڵێ) یان (نەخێر) وەڵامیان بدەرەوە.**

| | | (Ja) بەڵێ | (Nej) نەخێر |
|---|---|---|---|
| 1 | ١ ئایا دووپشک تاریکایی پێ خۆشە؟ | ☐ | ☐ |
| 2 | ٢ ئایا هەموو دووپشکێک دەتوانێت مرۆڤ بکوژێت؟ | ☐ | ☐ |
| 3 | ٣ ئایا هەموو جۆرە دووپشکێک یەک ئەندازەن؟ | ☐ | ☐ |
| 4 | ٤ ئایا دووپشک بە چنگەکانی نێچیرەکەی دەگرێت؟ | ☐ | ☐ |

**ئەم پرسیارانە بە دەمی وەڵام بدەرەوە.**

5 ٥ ئایا دەتوانی خۆت بە کورتی بڵێیت دەقە نووسراوەکە دەربارەی چییە؟

6 ٦ لەو دەقەدا کە دەربارەی دووپشک نووسراوە کە مرۆڤ دەبێت پێڵاوەکانی بتەکێنێت. بە باوەڕی تۆ مرۆڤ بۆ دەبێت وا بکات؟ تۆ چۆن بیردەکەیتەوە؟

# Textpaket 2



# دووپشک – زیندەوەرێکی جاڵجاڵۆکەیی چزوودار

هەرگیز کارێکی باش نییە لە ناوچەی گەرمدا پەنجە بکەیت بە کونەدیواری بچووکدا یان بە ناو درز و کەلێنی بەرددا. هەروەها چاک وایە پێڵاوەکانت بتەکێنیت ئەگەر ماوەیەکی تۆزێ زۆر بەکارت نەهێنابن. لەوانەیە بە بەتاڵی نەمابێتنەوە. چونکە دووپشک حەزی لە ڕووناکی نییە و بەڵکوو بە ڕۆژ دەچێتە ناو کون و کەلەبەرەوە یان شوێنێکی تاریک و خۆی مات دەدات. دووپشک لە وڵاتانی گەرمدا دەژی لە هەموو جیهاندا، بەڵام بە دەگمەن دەبینرێن.

**بە نێچیرەکەیەوە دەدات و دەیکوژێت**

دووپشک لەوانەیە زۆر زەهراوی بن، هەرچەندە زۆربەی جۆرەکانی بۆ ئێمەی مرۆڤ کوشندە نین. درێژییان دەگاتە یەک تا بیست سانتیمەتر بە پێی جۆرەکانیان، بەڵام هەموویان لە کۆتایی کلکیاندا چزوویەکی زەهراوییان هەیە. کاتێک کە دووپشکێک دەیەوێت نێچیرەکەی بکوژێت کلکی دەنووشتێنێتەوە بەسەر پشتی خۆیدا و چزووەکەی دەکات بە نێچیرەکەدا کە بە چنگەکانی گرتوویەتی . دووپشکێکی ترساو خێرا دەسووڕێتەوە بە دەوری خۆیدا بۆ ئەوەی هەمیشە چزووەکەی بەرەو دوژمنەکەی ئاراستە بکات.

دووپشک بە شەوان ڕاوی جاڵجاڵۆکەی گەورە و جڕ و جانەوەری بچووک دەکەن. بە چنگەکوتێ ڕێی خۆیان دەدۆزنەوە و بە چنگ نێچیرەکە توند دەگرن و بە چزووە زەهراوییەکانیان دەیکوژن.



*دووپشک*



K. Åström, *Boken om världen.* 2001. Fotografi Wikimedia Commons.

# پرسیار لەسەر (دووپشک – زیندەوەرێکی جاڵجاڵۆکەیی چزوودار)

**ئەم پرسیارانە کە دەربارەی دەقەکەیە بە (بەڵێ) یان (نەخێر) وەڵامیان بدەرەوە.**

| | | (Ja) بەڵێ | (Nej) نەخێر |
|---|---|---|---|
| 1 | ١ ئایا دووپشک تاریکایی پێ خۆشە؟ | ☐ | ☐ |
| 2 | ٢ ئایا هەموو دووپشکێک دەتوانێت مرۆڤ بکوژێت؟ | ☐ | ☐ |
| 3 | ٣ ئایا هەموو جۆرە دووپشکێک یەک ئەندازەن؟ | ☐ | ☐ |
| 4 | ٤ ئایا دووپشک بە چنگەکانی نێچیرەکەی دەگرێت؟ | ☐ | ☐ |

**ئەم پرسیارانە بە دەمی وەڵام بدەرەوە.**

5 ٥ ئایا دەتوانی خۆت بە کورتی بڵێیت دەقە نووسراوەکە دەربارەی چییە؟

6 ٦ لەو دەقەدا کە دەربارەی دووپشک نووسراوە کە مرۆڤ دەبێت پێڵاوەکانی بتەکێنێت. بە باوەڕی تۆ مرۆڤ بۆ دەبێت وا بکات؟ تۆ چۆن بیردەکەیتەوە؟

# کابرای چاوچنۆک

کابرایەکی چاوچنۆک هەرچییەکی هەبوو فرۆشتی و پارە زێڕەکانی تواندەوە و کردییە یەک تۆپەڵە زێڕی گەورە. تۆپەڵەزێڕەکەی خستە ناو چاڵێکی بن درەختێکی باخچەکەی. هەموو ڕۆژێک دەچووە لای درەختەکە. ڕۆژێک یەکێک لە دراوسێکانی بینی و یەکسەر تێگەیشت خەریکی چی بوو. کاتێک کابرای چاوچنۆک رۆیشت دراوسێکەی هەلی بۆ هەڵکەوت و چاڵەکەی هەڵکەند و تۆپەڵە زێڕەکەی دەرهێنا و بردی.

ڕۆژی دوایی کاتێک کابرای چاوچنۆک هاتەوە بۆ ئەوەی تەماشای زێڕەکەی بکات، چاڵێکی بینی. دەستی کرد بە گریان و قژی خۆیی ڕنییەوە لە تاودا. هاوڕێیەکی، کە بە ڕێکەوت بەو ناوەدا تێپەڕ بوو، لێی پرسی چی ڕووی دابوو. کابرای چاوچنۆک ئەوەی ڕووی دابوو بۆیی گێڕایەوە.

- ئەها، هەر ئەوە بوو، هاوڕێکەی پێی گوت، هیچ شتێکی وا نییە تۆ خۆتی بۆ دڵتەنگ بکەیت. چونکە لە ڕاستیدا زێڕەکە هەرگیزهی تۆ نەبووە. بەردێک بهێنە لەباتیی زێڕەکە بیخەرە ناو چاڵەکە و وا بزانە تۆپەڵە زێڕەکەیە! ئیتر ئەوەندەی خێر و خۆشیت لە ئەو بینی هەر ئەوەندەش خێر و خۆشی لە ئەمیش دەبینی.



Efter Aisopos. Bearbetad och översatt från svenska.

# پرسیار لەسەر (کابرای چاوچنۆک)

**ڕاستوچەپێک لە ناو ئەو خانەی ئەو وەڵامەی بە لای تۆوە تەواوە، دابنێ.**
**تەنیا یەک دانە دابنێ.**

1 ١ **کابرای چاوچنۆک تۆپەڵە زێڕەکەی چۆن دەست کەوت؟**

A ☐ لە دراوسێکەیی کڕی.
B ☐ لە پارە دروستی کرد.
C ☐ لە باخچەکەدا دۆزییەوە.

2 ٢ **بۆچی کابرای چاوچنۆکـهەموو ڕۆژێک دەچوو بۆ لای ؟**

A ☐ بۆ ئەوەی زێڕی تریش بخاتە چاڵەکەوە.
B ☐ بۆ ئەوەی زێڕەکەی لە چاڵەکە دەربێنێتەوە.
C ☐ بۆ ئەوەی چاودێریی زێڕەکەی بکات.

3 ٣ **مرۆڤ چی فێر دەبێت لەو چیرۆکە؟**

A ☐ کە مرۆڤ دەبێت سامانی خۆی لەگەڵ کەسانی تر بەش کات.
B ☐ کە مرۆڤ تەنها خێر لەو سامانە دەبینێت کە بەکاری دەهێنێت.
C ☐ کە مرۆڤ دەبێت هەمیشە گوێ لە دراوسێ و هاوڕێی خۆی بگرێت.

**وەڵامی ئەم پرسیارانە بە دەمی بدەرەوە.**

4 ٤ ئایا دەتوانی خۆت بە کورتی بڵێیت دەقە نووسراوەکە دەربارەی چییە؟
5 ٥ بە ڕەئی خۆت بۆچی کابرای چاوچنۆک هەرچییەکی هەبوو فرۆشتی؟ تۆ چۆن بیردەکەیتەوە؟
6 ٦ بۆچی بە ڕەئی هاوڕێکەی هەر هەمان شت دەبوو ئەگەر بەردێکی بخستایەتە ناو چاڵەکەوە؟
تۆ چۆن بیردەکەیتەوە؟

# چیپسی پەتاتە



*چیپسی پەتاتە*

چیپسی پەتاتە تۆێژی تەنکی قاشکراوی پەتاتەیە کە لە ڕۆنی قرچاودا سوورکراونەتەوە و لە داهێنراوە هەرە زۆر باسکراوەکانی ١٨٠٠ەکانە. چیرۆکەکان زۆرن دەربارەی ئەوەی کێ بۆ یەکەم جار دایهێنا و دەستی کرد بە فرۆشتنی، و هیچ ئاسان نییە بزانرێت کام لەو چیرۆکانە ڕاستییەکی تیادایە.

چیرۆکە هەرە بڵاوەکە دەربارەی جۆرج کروم ی چێشتکەرە. لە ٢٤ی مانگی ئابی ١٨٥٣دا کروم هەوڵی دا دڵی کڕیارێکی ناڕازی ڕازیبکات. کروم پەتاتەی تەنک تەنک قاش کرد، سووری کردنەوە و خوێی بە بەرهەمەکەیەوە کرد و ئەنجامەکەی بوو بە هۆی زۆر ڕازی بوونی کڕیارە ناڕازییەکە. ئەم چیرۆکە زۆر چاک ڕێی تێدەچێت ڕاست بێت، بەڵام ئاشکراشە کە چێشتکەری تریش هەر لەو سەدەیەدا هەر لەم بابەتە فکرانەیان کردبووەوە. تەنیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە یەک دوو کتێبی چێشتلێناندا باسی هەر لەو بابەتە کرابوو و هەروەها بابەتی تریشی لە بەریتانیای مەزن پەرەی پێدرابوو.

یەکەم جار لە ١٨٩٠ەکاندا بوو دەستکرا بە فرۆشتنی چیپس لە دووکانی خۆراکفرۆشەکاندا، زیاد بوونی ڕاستەقینەی چیپسوەبەرهێنانەکە و چیپسفرۆشتنەکەش دوای داهێنانی ئامێری تایبەتیی سوورکردنەوە بوو، کە سوورکردنەوەکەی ئاسانکرد، لە کۆتایی ١٩٢٠ەکاندا. سەرەڕای ئەوەش لە ماوەی دەساڵەکانی پاش ئەوە زەرف و پاکەتەکانی گۆڕدرانی بەسەردا هات، بە شیوەیەک کە توانرا چیپس بۆ شوێنی دووردووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بڵاوبکرێتەوە. لە ئەوروپادا بەربڵاویی چیپس هەتا ١٩٥٠ کان دواکەوت.



D. Harrison, Historiebloggen. www.svd.se (publicerad 2014-09-28) Bearbetad. Fotografi Pixabay.

# پرسیار لەسەر (چیپسی پەتاتە)

**ڕاستوچەپێک لە ناو ئەو خانەی ئەو وەڵامەی بە لای تۆوە تەواوە، دابنێ. تەنیا یەک دانە دابنێ.**

1 **١ نووسەرەکە ئەم دەقەی بۆچی نووسیوە؟**

A ☐ بۆ ئەوی باسی مێژووی چیپسی پەتاتە بۆ خوێنەر بکات.
B ☐ بۆ ئەوی نوکتەیەکی خۆش بۆ خوێنەر بگێڕێتەوە.
C ☐ بۆ ئەوی کە خوێنەر فێری دروست کردنی چیپسی پەتاتە بکات.

2 **٢ ئایا دەزانرێت کێ چیپسی پەتاتەی داهێنا؟**

A ☐ بەڵێ، جۆرج کروم بوو.
B ☐ نەخێر، چەندین کەس هەیە کە لەوانەیە ئەوان بووبن.
C ☐ نەخێر، بەڵام دەزانرێت *لە کوێ* داهێنرا.

**کام لەم قسانە دەربارەی ئەوەی لەسەر چیپس نووسراوەتەوە لە دەقەکەدا تەواوە؟ یەک ڕاستوچەپ لە دوای هەموو وەڵامێک لە ناو خانەی بەڵێ یان لە ناو خانەی نەخێردا دابنێ.**

| | | بەڵێ (Ja) | نەخێر (Nej) |
|---|---|---|---|
| 3 ٣ | دەزانین نێزیکەی چەندێک دەبێت چیپسی پەتاتە دەخۆین. | ☐ | ☐ |
| 4 ٤ | ئەوروپا یەکەم بەشی جیهان بوو کە چیپسی پەتاتەی تێدا فرۆشرا. | ☐ | ☐ |
| 5 ٥ | هۆکاری زیادبوونی خواردنی چیپسی پەتاتە لە سەردەمی ١٩٠٠ەکاندا زیادترن لە یەک دانە هۆکار. | ☐ | ☐ |

**ئەم پرسیارە بە دەمی وەڵام بدەرەوە.**

6 ٦ ئایا دەتوانی خۆت بە کورتی بڵێیت دەقە نووسراوەکە دەربارەی چییە؟

# Textpaket 3



# دووپشک – زیندەوەرێکی جاڵجاڵۆکەیی چزوودار

هەرگیز کارێکی باش نییە لە ناوچەی گەرمدا پەنجە بکەیت بە کونەدیواری بچووکدا یان بە ناو درز و کەلێنی بەرددا. هەروەها چاک وایە پێڵاوەکانت بتەکێنیت ئەگەر ماوەیەکی تۆزێ زۆر بەکارت نەهێنابن. لەوانەیە بە بەتاڵی نەمابێتنەوە. چونکە دووپشک حەزی لە ڕووناکی نییە و بەڵکوو بە ڕۆژ دەچێتە ناو کون و کەلەبەرەوە یان شوێنێکی تاریک و خۆی مات دەدات. دووپشک لە وڵاتانی گەرمدا دەژی لە هەموو جیهاندا، بەڵام بە دەگمەن دەبینرێن.

**بە نێچیرەکەیەوە دەدات و دەیکوژێت**

دووپشک لەوانەیە زۆر زەهراوی بن، هەرچەندە زۆربەی جۆرەکانی بۆ ئێمەی مرۆڤ کوشندە نین. درێژییان دەگاتە یەک تا بیست سانتیمەتر بە پێی جۆرەکانیان، بەڵام هەموویان لە کۆتایی کلکیاندا چزوویەکی زەهراوییان هەیە. کاتێک کە دووپشکێک دەیەوێت نێچیرەکەی بکوژێت کلکی دەنووشتێنێتەوە بەسەر پشتی خۆیدا و چزووەکەی دەکات بە نێچیرەکەدا کە بە چنگەکانی گرتوویەتی . دووپشکێکی ترساو خێرا دەسووڕێتەوە بە دەوری خۆیدا بۆ ئەوەی هەمیشە چزووەکەی بەرەو دوژمنەکەی ئاڕاستە بکات.

دووپشک بە شەوان ڕاوی جاڵجاڵۆکەی گەورە و جڕ و جانەوەری بچووک دەکەن. بە چنگەکوتێ ڕێی خۆیان دەدۆزنەوە و بە چنگ نێچیرەکە توند دەگرن و بە چزووە زەهراوییەکانیان دەیکوژن.



*دووپشک*



K. Åström, *Boken om världen.* 2001. Fotografi Wikimedia Commons.

# پرسیار لەسەر (دووپشک – زیندەوەرێکی جاڵجاڵۆکەیی چزوودار)

**ئەم  پرسیارانە کە دەربارەی دەقەکەیە بە (بەڵێ) یان (نەخێر) وەڵامیان بدەرەوە.**

| | | (Ja) بەڵێ | (Nej) نەخێر |
|---|---|---|---|
| 1 | ١ ئایا دووپشک تاریکایی پێ خۆشە؟ | ☐ | ☐ |
| 2 | ٢ ئایا هەموو دووپشکێک دەتوانێت مرۆڤ بکوژێت؟ | ☐ | ☐ |
| 3 | ٣ ئایا هەموو جۆرە دووپشکێک یەک ئەندازەن؟ | ☐ | ☐ |
| 4 | ٤ ئایا دووپشک بە چنگەکانی نێچیرەکەی دەگرێت؟ | ☐ | ☐ |

**ئەم پرسیارانە بە دەمی وەڵام بدەرەوە.**

5 ٥ ئایا دەتوانی خۆت بە کورتی بڵێیت دەقە نووسراوەکە دەربارەی چییە؟

6 ٦ لەو دەقەدا کە دەربارەی دووپشک نووسراوە کە مرۆڤ دەبێت پێڵاوەکانی بتەکێنێت. بە باوەڕی تۆ  مرۆڤ بۆ دەبێت وا بکات؟ تۆ چۆن بیردەکەیتەوە؟

# چیپسی پەتاتە



*چیپسی پەتاتە*

چیپسی پەتاتە تۆێژی تەنکی قاشکراوی پەتاتەیە کە لە ڕۆنی قرچاودا سوورکراونەتەوە و لە داهێنراوە هەرە زۆر باسکراوەکانی ١٨٠٠ەکانە. چیرۆکەکان زۆرن دەربارەی ئەوەی کێ بۆ یەکەم جار دایهێنا و دەستی کرد بە فرۆشتنی، و هیچ ئاسان نییە بزانرێت کام لەو چیرۆکانە ڕاستییەکی تیادایە.

چیرۆکە هەرە بڵاوەکە دەربارەی جۆرج کروم ی چێشتکەرە. لە ٢٤ی مانگی ئابی ١٨٥٣دا کروم هەوڵی دا دڵی کڕیارێکی ناڕازی ڕازیبکات. کروم پەتاتەی تەنک تەنک قاش کرد، سووری کردنەوە و خوێی بە بەرهەمەکەیەوە کرد و ئەنجامەکەی بوو بە هۆی زۆر ڕازی بوونی کڕیارە ناڕازییەکە. ئەم چیرۆکە زۆر چاک ڕێی تێدەچێت ڕاست بێت، بەڵام ئاشکراشە کە چێشتکەری تریش هەر لەو سەدەیەدا هەر لەم بابەتە فکرانەیان کردبووەوە. تەنیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە یەک دوو کتێبی چێشتلێناندا باسی هەر لەو بابەتە کرابوو و هەروەها بابەتی تریشی لە بەریتانیای مەزن پەرەی پێدرابوو.

یەکەم جار لە ١٨٩٠ەکاندا بوو دەستکرا بە فرۆشتنی چیپس لە دووکانی خۆراکفرۆشەکاندا، زیاد بوونی ڕاستەقینەی چیپسوەبەرهێنانەکە و چیپسفرۆشتنەکەش دوای داهێنانی ئامێری تایبەتیی سوورکردنەوە بوو، کە سوورکردنەوەکەی ئاسانکرد، لە کۆتایی ١٩٢٠ەکاندا. سەرەڕای ئەوەش لە ماوەی دەساڵەکانی پاش ئەوە زەرف و پاکەتەکانی گۆڕدرانی بەسەردا هات، بە شیوەیەک کە توانرا چیپس بۆ شوێنی دووردووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بڵاوبکرێتەوە. لە ئەوروپادا بەربڵاویی چیپس هەتا ١٩٥٠ کان دواکەوت.



D. Harrison, Historiebloggen. www.svd.se (publicerad 2014-09-28) Bearbetad. Fotografi Pixabay.

# پرسیار لەسەر (چیپسی پەتاتە)

**ڕاستوچەپێک لە ناو ئەو خانەی ئەو وەڵامەی بە لای تۆوە تەواوە، دابنێ. تەنیا یەک دانە دابنێ.**

1 **١ نووسەرەکە ئەم دەقەی بۆچی نووسیوە؟**

- A ☐ بۆ ئەوی باسی مێژووی چیپسی پەتاتە بۆ خوێنەر بکات.
- B ☐ بۆ ئەوی نوکتەیەکی خۆش بۆ خوێنەر بگێڕێتەوە.
- C ☐ بۆ ئەوی کە خوێنەر فێری دروست کردنی چیپسی پەتاتە بکات.

2 **٢ ئایا دەزانرێت کێ چیپسی پەتاتەی داهێنا؟**

- A ☐ بەڵێ، جۆرج کروم بوو.
- B ☐ نەخێر، چەندین کەس هەیە کە لەوانەیە ئەوان بووبن.
- C ☐ نەخێر، بەڵام دەزانرێت *لە کوێ* داهێنرا.

**کام لەم قسانە دەربارەی ئەوەی لەسەر چیپس نووسراوەتەوە لە دەقەکەدا تەواوە؟ __یەک__ ڕاستوچەپ لە دواى هەموو وەڵامێک لە ناو خانەی بەڵێ یان لە ناو خانەی نەخێردا دابنێ.**

| | | (Ja) بەڵێ | (Nej) نەخێر |
|---|---|---|---|
| 3 | ٣ دەزانین نێزیکەی چەندێک دەبێت چیپسی پەتاتە دەخۆین. | ☐ | ☐ |
| 4 | ٤ ئەوروپا یەکەم بەشی جیهان بوو کە چیپسی پەتاتەی تێدا فرۆشرا. | ☐ | ☐ |
| 5 | ٥ هۆکاری زیادبوونی خواردنی چیپسی پەتاتە لە سەردەمی ١٩٠٠کاندا زیادترن لە یەک دانە هۆکار. | ☐ | ☐ |

**ئەم پرسیارە بە دەمی وەڵام بدەرەوە.**

6 ٦ ئایا دەتوانی خۆت بە کورتی بڵێیت دەقە نووسراوەکە دەربارەی چییە؟

# خەوتن

**هەموو پێویستیمان بە خەوتن هەیە، چ مرۆڤ چ ئاژەڵ. بەڵام ئایا بۆچی؟ لێکۆڵەرەوەکانیش وەڵامی ئەو پرسیارە نازانن. یان ئایا چی ڕوو دەدات کە دەخەوین. بەڵام ئەوەی کە پێویستیمان بە خەوتنە - ئەوە هیچ گومانی لێ ناکرێت. بە بێ خەوتن دەمرین.**


خەو جۆرە پشوویەکە. بەڵام بە خۆت نازانی چی لە دەورووپشتت ڕوودەدات. دەتوانین بڵێین وەک ئەوەیە لە هۆش خۆت چووبیت کاتێک نوستوویت. بەڵام ئێجگار بەو جۆرەش نییە کە نەتوانیت خەبەر ببیتەوە.

## بازنەی خەوتن

خەوتن بریتییە لە بازنەی دووبارەبووەوە کە نزیکەی ٩٠ خولەک درێژەی هەیە. هەموو بازنەیەکیش بریتییە لە پێنج قۆناخ، تەماشای دیاگرامی بازنەی خەوتن بکە.

## خەوتنی خەونبینین و خەوتنی قووڵ

پێنجەمین قۆناخ پێی دەگوترێت خەوتنی خەونبینین. لەو قۆناخەدا چاو خێرا خێرا دەجووڵێتەوە و هەر لەو کاتەشدایە کە خەون دەبینین. خەوتنی خەونبینین سووکە، واتە خەومان لەو کاتەدا ئەوەندە قووڵ نییە. خەوتنی خەونبینین بە ٩٠ خولەک جارێک دێتەوە و لە نزیکەی چارەکێکی تەواوی نووستنماندا بەردەوامە. قۆناخێکی تر خەوتنی قووڵە. لەو کاتەدایە کە لەشمان هێزی خۆی وەردەگرێتەوە و باشتر دەتوانین شتی نوێ فێر بین. لە ماوەی خەوتنی قووڵدا زانیارییەکانمان هێز پەیدا دەکەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە یادماندا بمێننەوە.




## وەرگرتنەوەی خەوی لەکیسچوو

ئەگەر شەوێک تا زۆر درەنگ بە خەبەر بیت ئاسانە وا بیر بکەیتەوە کە بۆ شەوی داهاتوو دەبێت دووئەوەندە بخەویت. بەڵام وا نییە. لەشمان تا ڕاددەیەکی باش دەتوانێت خەوی لەکیسچوو وەربگرێتەوە . ئەگەر تێرخەو نەبوو بیت، بە خەوتنێکی قووڵتر تێرخەو دەبیتەوە.


H. Borgström, *Kroppens mysterier.* 2010. Bearbetad. Figur G. Wallentin.

# پرسیار لەسەر (خەوتن)

**ئایا هەر یەک لەم گوتراوانەی خوارەوە لەگەڵ ئەوەی لە دەقەکەدا نووسراوە یەکدەگرێتەوە یان نا؟ یەک راستوچەپ لە چوارگۆشەکەدا دابنێ بۆ بەڵێ یان بۆ نەخێر.**

| | | (Ja) بەڵێ | (Nej) نەخێر |
|---|---|---|---|
| 1. | ١ لێکۆڵەوەرەکان دەزانن مرۆڤ لەبەر چ هۆیەک پێویستیی بە خەوتنە. | ☐ | ☐ |
| 2. | ٢ لە قۆناخی خەونبینیندا خەومان سووکە. | ☐ | ☐ |
| 3. | ٣ ئێمە زۆرترین ماوەی شەو خەون دەبینین. | ☐ | ☐ |
| 4. | ٤ ئاسانتر خەبەر دەکرێینەوە پێش خەوی خەونبینین لە چاو دوای خەوی خەونبینین. | ☐ | ☐ |

**درێژە بە ڕستەکە بدە بەوەی نیشانەیەکی راستوچەپ لەو چوارگۆشەی لای ئەو ڕستەیە دابنێ کە بەلاتەوە ڕاستە. تەنیا یەک نیشانەی راستوچەپ دابنێ.**

**5.** ٥ **ئەگەر مرۆڤ شەوێک یان دوو شەو کەم خەوتبێت...**

A ☐ بۆ شەوی داهاتوو پێویستمانە دوو ئەوەندە بخەوین بۆ ئەوەی تێرخەو ببین.
B ☐ لەشمان خۆی دەتوانێت بە خەوێکی قووڵتر لە شەوی داهاتوودا تێرخەو ببێت.
C ☐ دەبێت بۆ شەوی داهاتوو زۆر زووتر بخەوێت بۆ ئەوەی حەقی خەوە لەکیسچووەکە بکاتەوە.

**بە دەمی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە.**

**6.** ٦ ئایا دەتوانی خۆت بە کورتی بڵێیت دەقە نووسراوەکە دەربارەی چییە؟

# شیر

## بۆچوونی خوێنەرێک بۆ ڕۆژنامەیەک

لە سوید هەموو خوێندکاران خواردنی نیوەڕۆیان لە خوێندنگە دەدرێتێ و زۆربەی کات لەگەڵ خواردنەکەدا شیریش دادەنرێت. لەم دواییانەدا خەڵک دەستیانکردووە بە باسی ئەوەی کە ئایا لەڕاستیدا خواردنەوەی شیر شتێکی باش بێت. لێرەدا دەتوانیت ڕای دوو کەسی جیاواز بخوێنیتەوە دەربارەی پێشکەشکردنی شیر لە خوێندنگە.

1.

**ئاو بدەن بە منداڵەکان لە باتی شیر**

**شیری مانگا لە خوێندنگەدا سروشتی نییە. لەسەر گۆی زەوی مرۆڤ تاکە جۆری زیندەوەرێکە کە شیری جۆرە زیندەوەرێکی تر بخواتەوە.**

**لێکۆڵینەوەیەکی فراوان** لە زانکۆی ئۆپسالا، کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژی چوارشەممەدا توانرا بخوێنرێتەوە، هەموو بیر و بۆچوونە کۆنە بێ رەخنەکانمان دەربارەی شیری مانگای سەرەوژێر کردەوە. لێکۆڵەوەرەکان بۆیان دەرکەوتووە کە زۆر خواردنەوەی شیر زۆر پەیوەندیی بە کورتبوونەوەی ژیان و شکانی زۆری ئێسکەوە هەیە.

**شیری مانگا** نە سروشتییە و نە بۆ تەندروستیی میللەت باشە و نە بۆ ژینگەش. بۆیە کاتی هاتووە شیری مانگا لە خوێندنگە سویدییەکاندا دانەنرێت و لە بری ئەوە منداڵەکان ڕابێن لەسەر ئەوەی خوویەکی نوێ فێربن بۆ خواردنەوە کە باشتریش بێت بۆ ژینگە، ئەویش ئەوە بێت کە بە ئاو تینوێتیی خۆیان بشکێنن.

**ئاندەرش سڤێنسۆن**
نوێنەری ڕێکخراوی سەوزە بخۆ

2.

**شیر لەگەڵ خواردنی خوێندنگە پێویستە**

وەڵام بۆ ئاندەرش سڤێنسۆن

**ئاندەرش سڤێنسۆن نایەوێت لە خوێندنگە منداڵان شیر بخۆنەوە. ئێمە و نەتەوە یەککگرتووەکان باوەڕمان پێچەوانەیە - هەموو منداڵێک شایانە لە خوێندنگەدا شیری خۆراییی هەبێت.**

**شـیر** ١٨ دانە لەو ٢٢ ماددە خۆراکییەی تێدایە کە هەموو ڕۆژێک پێویستمانە و کە جێی دڵنیاییەکی زۆر لە ڕۆژێکی خوێندنگەدا دەدەن بە منداڵەکان لە بواری خۆراکدا. لەو وڵاتانەی کە خۆراک کەمە شیری خوێندنگە بۆ زۆر منداڵ دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ وەرگرتنی ماددە خۆراکییەکان. و هەروەهاش لێکۆڵینەوەی نوێ دەریخستووە کە خواردنی نیوەڕوانی خوێندنگە ماددەی تەواوی خۆراکیی تێدا نییە ئەگەر شیری لەگەڵدا نەبێت.

**لێکۆڵەرەوەی ماددە خۆراکییەکان** ئوللا روساندەر لە زانکۆی کریستیانستاد، ماددە خۆراکییەکانی ئەو خواردنانەی منداڵە دە ساڵەکان لە ماوەی هەفتەیەکدا لە خوێندنگە دەیخۆن لە سێ دانە خوێندنگەی شارێکی سویدیدا شی کردووەتەوە. خواردنی نیوەڕۆی خوێندنگەکان وەک یەک بوون. لە ئەنجامەکاندا دەرکەوت کە بۆ منداڵەکان گرنگە لەگەڵ خواردنەکەدا شیر بخۆنەوە، و بە تایبەت بۆ ئەو منداڵانە گرنگە کە ژەمی کەم دەخۆن یان کە فریا ناکەون لە پشووی نیوەڕۆیاندا بە تەواوەتی خۆیان تێر بکەن. شیرەکە پێویست بوو بۆ ئەوەی منداڵەکان بۆ نموونە، کالیسیۆم و ڤیتامین ب ١٢ و ماگنێسیووم بە تەواوی وەربگرن. لەبەر ئەوەیە شیر جێیەکی بێگومانی لە خوێندگەدا هەیە.

**پێترا ستراندبەری**
نوێنەری جووتیارانی وەبەرهێنەری شیر لە سوید


J. Paulsson & J. Carlberg, Insändare. *Upsala Nya Tidning*. Publicerade 2014-11-04 och 2014-11-11. (Bearbetade)

## پرسیار لەسەر (نامە بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامە دەربارەی شیر)

**ڕاستوچەپێک لە ناو ئەو خانەی ئەو وەڵامەی بە لای تۆوە تەواوە، دابنێ. تەنیا یەک دانە دابنێ.**

**1. ١ ستراندبەری بۆچی بەلایەوە شیر بۆ منداڵانی خوێندنگە گرنگە ؟**

A ☐ شیر دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکان لە خوێندنگە خواردن زۆرتر بخۆن.

B ☐ شیر تەمەنی مرۆڤ درێژ دەکات.

C ☐ شیر ماددەی خۆراکی زۆر تێدایە.

**2. ٢ سڤێنسۆن بۆچی دەڵێت منداڵانی خۆێندنگە لە بری شیر دەبیت ئاو بخۆنەوە ؟**

A ☐ ئاو لە شیر هەرزانترە.

B ☐ ئاوخواردنەوە بۆ ژینگە باشترە.

C ☐ ئاو تینوێتی باشتر دەشکێنێت.

**3. ٣ بە پێی دەقەکان، لێکۆڵینەوە زانستییەکان چیان دەرخستووە؟**

A ☐ کە شیرخواردنەوە ئەنجامی باشیش و خراپیشی هەیە.

B ☐ کە خواردنی خوێندنگە بە بێ شیر تا ئاستێکی خوازراو ماددەی خۆراکیی تێدایە.

C ☐ کە زۆرخواردنەوەی شیر ئێسکی مرۆڤ بەهێزتر دەکات.

**4. ٤ ستراندبەری بۆچی بۆ ڕۆژنامەی نووسیوە؟**

A ☐ دەیەوێت ڕوونی بکاتەوە کە سڤێنسۆن بۆچی لە هەڵەدایە.

B ☐ دەیەوێت ڕوونی بکاتەوە کە ئاو بۆچی بۆ ژینگە باشە.

C ☐ نایەوێت منداڵەکان لە خوێندنگە خواردن کەم بخۆن.

**کام گوتراو لە دەقەکەدا ڕاستە دەربارەی ئەوەی لەسەر شیر نووسراوە؟ یەک نیشانەی ڕاستوچەپ بۆ *بەڵێ* یان بۆ *نەخێر* لە چوارگۆشەکەی پاش گوتراوەکەدا دابنێ.**

| | بەڵێ (Ja) | نەخێر (Nej) |
|---|---|---|
| 5. ٥ سڤێنسۆن دەڵێت کە ژیانی مرۆڤ بە شیر خواردنەوەی زۆر کورت دەبێتەوە | ☐ | ☐ |
| 6. ٦ . سڤێنسۆنیش و ستراندبەریش هەمان لێکۆڵەرەوە دەکەنە سەرچاوەی قسەکانیان لە نامەکانیاندا. | ☐ | ☐ |
| 7. ٧ لەوەدەچێت کە زاناکان ڕێک بن لەسەر کاریگەرییەکانی شیر. | ☐ | ☐ |

**ئەم پرسیارانە بە دەمی وەڵام بدەوەرەوە.**

8. ٨ ئایا دەتوانی خۆت بە کورتی بڵێیت دەقە نووسراوەکە دەربارەی چییە؟

9. ٩ کام دەقەیان زۆرترین قەناعەتی لای تۆ پەیداکرد؟ تۆ چۆن بیردەکەیتەوە؟

# شارەکانی جیهان خێرا و خێراتر گەورەتر دەبنەوە

نیشتەجێبوون لە شارەکان لە جیهاندا بە شێوەیەکی خێرا و خێراتر بەردەوامە. بە پێی پێشبینیی نەتەوە یەکگرتووەکان چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێت تا ساڵی ٢٠٥٠ دانیشتووانی شارەکان ٢،٤ ملیارد زیاد بکات. جا بۆ ئەوەی هەموو ئەو دانیشتووانە جێگەیان ببێتەوە لەوانەیە ڕووبەری هەموو ئەو شارانە بە یەکەوە بگاتە ئاستی رووبەری هیندستان.

لە ١٩٠٠ کاندا دانیشتووانی شارانی جیهان لە ٢٢٠ میلیۆنەوە زیادی کرد و بوو بە ٢،٨ ملیارد. و بە پێی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٨ بۆ یەکەم جار دانیشتووانێکی زۆرتر لە شارەکاندا دەژیان لە چاو لادێکاندا.


لە ٢٠١٣دا دانیشتوانیی شارانی جیهان، بە پێی هەڵسەنگاندنێک گەیشتە ٣،٦ملیارد کەس، بەڵام بە پێی پێشبینیی نەتەوە یەکگرتووەکان چاوەڕێ دەکرێت بگاتە نزیکەی ٥ ملیارد لە ساڵی ٢٠٣٠ دا و لە ساڵی ٢٠٥٠دا لە ٦ ملیارد تێپەڕ بکات. لە ئەوروپا و ئەمریکای باکوور و باشوور زۆرینەی خەڵک لە ئێستاوە لە شارەکاندا دەژین، بەڵام ئەفریقا و ئاسیا لە بەردەم پەرەسەندنی ئەو لێشاوی بوون بە شارییەدایە.

## پەرەسەندنی شاران گیروگرفتیشە و هەلی باشیشە

گەورەبوونی شاران بە زۆر شێوە گیروگرفت پەیدا دەکات کە دەبێت چار بکرێن چونکە ئەو بوون بە شارستانییە خێرایە دەبێتە هۆی گیروگرفتی تەندروستیش و ژینگەش. بۆ نموونە دەربارەی پیسبوونی هەوا و نەبوونی ئاوەڕۆگە و زێراب. لە هەمان کاتدا ئەو شارە گەورەبووانە هەلی باشیش بۆ کەسانێکی زۆر دەهێننە پێش کە لە لادێکاندا نین. وەک هەلی کارێکی زۆر و نەخۆشخانە و چاودێریی تەندروستیی باشتر و هەروەها هەلی خوێندن.

کاتێک خەڵکی زۆر و زۆرتر چڕ و نزیک لە یەکەوە بژین ئەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پێویستیی وزە و گواستنەوەی شتو مەک، کە ئەوەش لە خۆیدا یارمەتیی سووکبوونەوەی زەختی سەر کەش و هەوا دەدات.

**زیاد بوونی دانیشتووانی جیهان نێوان ساڵانی ١٩٦١- ٢٠١٢ و پێشبینیی ٢٠١٣- ٢٠٥٠**






J. Moström, *www.scb.se* (publicerad 2013-10-10)

# پرسیار لەسەر (شارەکانی جیهان خێراتر و خێراتر گەورەتر دەبن)

## ڕاستوچەپێک لە ناو ئەو خانەی ئەو وەڵامەی بە لای تۆوە تەواوە، دابنێ. تەنیا یەک دانە دابنێ.

1. ١ **بە پێی دەقە نووسراوەکە کاتێک خەڵک دەگوێزنەوە بۆ ناو شارەکان، پێشەکیترین کاریگەرییە نەرێنییەکان کامانەن؟**

- A ☐ ژینگەی شارەکاندا خراپتر دەبێت.
- B ☐ شارەکان گەورەتر دەبنەوە.
- C ☐ پێویستیی گواستنەوەی شتو مەک زیادتر دەبێت.

2. ٢ **ئەوەندەی بزانین نزیکەی چەند لە شارەکاندا دەژین لە ساڵی ٢٠٤٠ دا ؟**

- A ☐ نزیکەی ٦،٤ ملیارد.
- B ☐ نزیکەی ٣،٦ ملیارد.
- C ☐ نزیکەی ٥،٧ ملیارد.

3. ٣ **بە پیی دەقە نووسراوەکە سەرەکیترین هۆی زیادبوونی دانیشتووانی شار کامەیە؟**

- A ☐ شار زیادتر ژینگەدۆستە.
- B ☐ بارودۆخی ژیان لە ناو شارکاندا باشترە.
- C ☐ هاتووچۆ لە شاردا هاسانترە.

4. ٤ **لە ساڵی ١٩٦١دا دابەشبوونی دانیشتووانی جیهان لە نێوان شارەکاندا و لادێکاندا چۆن بوو؟**

- A ☐ نزیکەی دوو ئەوەندە دانیشتووان لە لادێکاندا دەژیان لە چاو شارەکان.
- B ☐ دانیشتوونێکی زیادتر لە شارەکاندا دەژیان لە چاو لادێکان.
- C ☐ ژمارەی دانیشتووان لە شارەکان و لادێکاندا وەک یەک بوو.

**ئەم پرسیارانە بە دەمی وەڵام بدەرەوە.**

5. ٥ ئایا دەتوانی خۆت بە کورتی بڵێیت دەقە نووسراوەکە دەربارەی چییە؟

6. ٦ لە دەقە نووسراوەکەدا دەڵیت کە لەمەودوا خەڵک زیادتر و زیادتر لە شارەکاندا دەژین. بە پێی باوەڕی تۆ، نیشتەجێبوون لە لادێکاندا لە باتی لە شارەکاندا چ کەڵکێکی هەیە؟ دەتوانی بڵێیت چۆنی بیردەکەیتەوە؟

## Litteraturförteckning

Aisopos. Den girige. I: *Aisopos' fabler*. Ny översättning av Erik Hedén med illustrationer av Arthur Rackham. 1919. Stockholm: Svenska andelsförlaget. (bearbetad)

Aronsson, Karin & Stellan Ottosson, 1993. Lejonet och räven. I: K. Aronsson & S. Ottosson; illustrationer I-K Eriksson & M. Korotyńska, *Min läsebok Blå rosen*. 2:a uppl. Stockholm: Liber. (bearbetad)

Borgström, Håkan, 2010. Sover kroppen när du sover? I: H. Borgström. 2010. *Kroppens mysterier*. Enskede: Borgströms Förlag. (bearbetad)

Carlberg, Jonas, 2014. Mjölken behövs till skolmaten. *Upsala Nya tidning*. Insändare. Publicerad 2014-11-11. (bearbetad)

*En karta över en ö*. Kartan och frågorna anpassade från IEA Reading Literacy Study. © 1990. International Association for the Evaluation of Educational Achievement (IEA). The Hague: International Association for the Evaluation of Educational Achievement (IEA), IEA Secretariat[1].

Harrison, Dick, 2014. Hur länge har vi ätit potatischips? Historiebloggen. *Svenska Dagbladet* http://blog.svd.se/historia/2014/09/28/hur-lange-har-vi-atit-potatischips/?fromMobile=true Publicerad 2014-09-28. Hämtad 2014-10-19. (bearbetad)

Moström, Jerker, 2013. Världens städer växer allt snabbare. SCB. Statistiska centralbyrån. http://www.scb.se/sv_/Hitta-statistik/Artiklar/Varldens-stader-vaxer-allt-snabbare/# Publicerad 2013-10-10. Hämtad 2015-01-08. (utdrag)

Paulsson, Jonas, 2014. Ge barnen havremjölk i stället. *Upsala Nya Tidning*. Insändare. Publicerad 2014-11-04. (bearbetad)

Åström, Karin, 2001. Skorpionen – ett spindeldjur med gadd. I: S. Andersson, K. Åström & S. Rune. *Boken om världen*. Stockholm: Liber. (Utdrag)

## Bildförteckning

Lejonet och räven. Eriksson, Inga-Karin, 1993. I: K. Aronsson & S. Ottosson; illustrationer I-K Eriksson & M. Korotyńska, *Min läsebok Blå rosen*. 2. uppl. Stockholm: Liber.

Fotografi på skorpion. Hämtad 2015-06-24 https://upload.wikimedia.org/wikipedia/commons/6/6d/Emperor_scorpion_or_Imperial_scorpion_(Pandinus_imperator).jpg

Fotografi på potatischips. Hämtad 2015-02-03 https://pixabay.com/p-476359/?no_redirect

[1] Att IEAs skrifter, studiematerial och undersökningar med organisationens tillstånd får användas för forsknings- och utbildningsändamål ska inte tolkas som att IEA medverkat i eller godkänt någon del av forskningen, eller rapporteringen kring den, eller de utbildningsprogram vari materialet används.